Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 2 Article 08

# The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels

**Mohammed Amer Bashir**

*Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College,Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.*

**Bahat Haseeb Ali**

*Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College,Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Mohammed,A.B.& Bahat,H.A, 2026.The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels . Mitanni Journal,6(2), Article 08.
DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp99-110
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

ORIGINAL ARTICLE

# The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels

Mohammed Amer Bashir [1], Bahat Haseeb Ali [2]

1-Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
2-Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

This research, titled "The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels," aims to highlight the status and significance of the producer's role as the primary engine of the newsroom. It also seeks to identify the criteria relied upon in structuring the rundown and prioritizing news stories.

The study falls within the framework of descriptive research and employs the survey method. To collect data, a questionnaire was distributed to a field sample consisting of 76 producers across 10 different satellite channels (Kurdistan TV, Kurdsat News, NRT, Rudaw, Kurdistan24, Channel 8, Ava Media, Zoom News, Payam, and Speda), representing diverse orientations within Kurdish media. Additionally, to enrich the theoretical aspect, direct interviews were conducted with a number of producers from these channels. The most significant findings reveal that Kurdish channels, akin to global media, place great emphasis on the work of producers, treating it as a modern operational model. The producer plays a central and decisive role in the bulletin production process. Furthermore, "institutional policy" and "audience preference" were identified as the two fundamental factors producers rely upon when prioritizing news stories. As a scientific endeavor, this study can serve as a resource for understanding transformations within Kurdish newsrooms and developing the capabilities of decision-making personnel in visual media.

**Keywords:** Role, Producer, Production, News Bulletin, Kurdish Satellite Channels.

Received 14 January 2026; accepted 27 February 2026.
Available online 07 May 2026

* Corresponding author
E-mail address: Mahamad.amr.bashir@gmail.com

*https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp85-96*

*2707-7799/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).*

# The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels

**AI usage declaration**

I declare that the content of this work was not generated using AI.

**Author contribution**

I have contributed solely to all aspects of this research work.

**Ethics information**

Ethics approval was not required for this research.

**Data availability statement**

The data supporting this study's findings are available from me (the corresponding author) upon reasonable request.

**Funding information**

No specific funding was received for conducting this research.

**Conflict of interest**

I declare that there is no conflict of interest.

**Acknowledgement**

I gratefully acknowledge the individuals who contributed to this study.

**Declaration of the Study's Origin**

My work focused specifically on "The Role of the Producer in the Production of News Bulletins in Kurdish Satellite Channels."

# ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان


**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا)، ئامانجی تیشکخستنە سەر پێگە و گرنگی کاری پرۆدیوسەر وەک داینەمۆی سەرەکیی ژووری هەواڵ و دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی کە لە داڕشتنی ڕەنداون و ڕیزبەندی هەواڵەکاندا پشتیان پێ دەبەستێت.

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکانە و پشتی بە میتۆدی ڕووپێویی(Survey) بەستووە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، فۆرمی ڕاپەرسی بەسەر سامپڵێکی مەیدانیدا دابەشکراوە کە پێکهاتبوون لە (76)پرۆدیوسەر لە 10 کەناڵی ئاسمانیی جیاواز (کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، ئێن ئار تی، ڕووداو، کوردستان24، کەناڵ هەشت، ئاڤا میدیا، زووم نیوز، پەیام و سپێدە)، کە نوێنەرایەتی ئاراستە جیاوازەکانی میدیای کوردی دەکەن. هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی تیۆری، ئامرازی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە پرۆدیوسەرانی ئەو کەناڵانە بەکارهێنراوە.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کەناڵە کوردییەکان هاوشانی میدیا جیهانییەکان بایەخێکی زۆریان بە کاری پرۆدیوسەری داوە و وەک مۆدێلێکی نوێی کارکردن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. پرۆدیوسەر ڕۆڵی سەرەکی و بڕیاردەری هەیە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بووڵتەن، هەروەها "سیاسەتی دەزگا" و "خواستی بینەران" دوو فاکتەری بنەڕەتین کە پرۆدیوسەر لە کاتی ڕیزبەندی هەواڵەکاندا پشتیان پێ دەبەستێت. ئەم توێژینەوەیە، وەک هەوڵێکی زانستی، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکانی ژووری هەواڵی کوردی و پەرەپێدانی توانای کادیری ناوەندی بڕیار لە میدیای بینراودا.


**کلیلە وشە: ڕۆڵ، پرۆدیوسەر، بەرهەمهێنان، بووڵتەنی هەواڵ، کەناڵە ئاسمانییەکوردییەکان.**

## پێشەکی

لە دنیای ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ دا، بووڵتەنی هەواڵ یەکێکە لە گرنگترین بەرنامەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان کە زۆرترین بینەری هەیە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر بیروڕای گشتی هەیە. پێشکێشکردنی بووڵتەنێکی هەواڵی پرۆفیشناڵ، ورد و ڕاستگۆ، پێویستی بە تیمێکی کارامە و ڕێکخراوە کە لەپشت پەردەوە ئەرکی ئامادەکردن، ڕێکخستن و بەرهەمهێنانی بووڵتەنەکە دەگرنە ئەستۆ. لە نێو ئەم تیمەدا، پرۆدیوسەر کەسێکی سەرەکییە کە ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووسساز لە سەرکەوتنی بووڵتەنی هەواڵدا دەگێڕێت.

پرۆدیوسەر ئەو کەسەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە لە ڕێکخستن، هاوئاهەنگی و سەرپەرشتیکردنی هەموو پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەو ژانرە ڕۆژنامەڤانییانەی لەنێو بووڵتەنەکەدا هەن، لە سەرەتای پلاندارشتنەوە تاوەکو دوا ساتەکانی پەخشکردن، وەکو "مایسترۆی ئۆرکێسترا"، پرۆدیوسەر ئەرکی ڕێکخستنی هەموو بەشەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان (هەواڵساز، پێشکێشکار، پەیامنێر، ستافی گەلەری) دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەرهەمهێنانی بووڵتەنەکەی.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە سیستمی بەرهەمهێنانی هەواڵدا، لێکۆڵینەوە لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان دەکات و ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەمیان دەستنیشان دەکات. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چۆنیەتی کارکردنی پرۆدیوسەران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بخاتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تایبەت بە میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە کە ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، بەشی دووەم بریتییە لە تیۆرینامەی توێژینەوەکە کە هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکەی تێدا باسکراوە، بەشی سێیەم بریتییە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، لە دواتردا دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕوو، لەم توێژینەوەیەدا سوود وەرگیراوە لە کۆمەڵێك سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی هەروەها پشت بە چاوپێکەوتن بەستراوە بۆ زیاتر دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی تیۆرینامەکە.

### بەشی یەکەم/میتۆدنامەی توێژینەوەکە

یەکەم :کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە، (ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا چییە)، ئەم پرسیارە سەرەکیە دەبێتە چەند پرسیارێکی تری لاوەکی گرنگترینیان:

1- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تا چەند گرنگییان بە کاری پرۆدیوسەر داوە؟
2- ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا چین؟
3- ئەو بنەمایانە چین، پرۆدیوسەر بۆ پۆلێنکردنی ڕیزبەندیی هەواڵەکانی بووڵتەن پشتیان پێدەبەستێت؟
4- ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر کاری پرۆدیوسەران لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا هەیە، کامانەن؟

دووەم: : ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت لەم شێوەیە کورتبکرێتەوە:

1- خستنەڕووی گرنگیی کاری پرۆدیوسەر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا.
2- دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانی پرۆدیوسەران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا.

3- دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایانەی پرۆدیوسەر بۆ دیاریکردنی ریزبەندیی هەواڵەکانی نێو بووڵتەن پشتیان پێدەبەستێت.
4- دۆزینەوەی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر کاری پرۆدیوسەران هەیە لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا.

سێیەم : گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

- گرنگیی زانستی و ئەکادیمی: تاوەکو ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی تایبەت و قووڵ لەبارەی رۆڵی پرۆدیوسەر لە بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەم بۆشاییە ئەکادیمییە پڕ بکاتەوە.
- گرنگیی پراکتیکی و پیشەیی: پەرەپێدانی کاری پرۆدیوسەری: لێکۆڵینەوە لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی پرۆدیوسەران دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی ئەم پیشە رۆژنامەڤانییە لە هەرێمی کوردستان.
- گرنگی بۆ گەشەی پیشەیی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا: بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفیشناڵی: ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفیشناڵی کارکردن لە بواری پرۆسەی بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵ.

چوارەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی جۆرەوە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و تیایدا گونجاوترین میتۆدی تێدا پەیڕەوکراوە کەئەویش میتۆدی ڕووپێوە بەمەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی بیرۆکەی توێژینەوەکە.

پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؛ بریتییە لە پرۆدیوسەرانی بووڵتەنی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دا.

سامپڵی توێژینەکەوە؛ بریتییە لە پرۆدیوسەرانی کەناڵەکانی کوردستان تیڤی، کوردسات نیوز، ئێن ئار تی، رووداو، کوردستان24، کەناڵ هەشت، ئاڤا میدیا، زووم نیوز(دوای رووداوی لالەزاری سلێمانی داخرا، ئێستا وەکو وێب تیڤی بەردەوامە)، پەیام و سپێدە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم کەناڵانە؛ دەتوانین بڵێین، ئەم کەناڵانە نوێنەرایەتیی راستەقینەی تەواوی کایەی میدیایی هەرێمی کوردستان دەکەن بە هەموو ئاراستە جیاوازەکانییەوە، نەک تەنیا گۆشەنیگایەکی دیاریکراو. هەروەها هەموو ئەو کەناڵانەی وەکو سامپڵی توێژینەوە وەرگیراون، پرۆدیوسەرانیان کار لە ئامادەکردنی بووڵتەنی هەواڵ دەکەن، بەم شێوەیە فۆرمەکە دابەشکراوە کە لەم خشتەی خوارەوە ڕووندەبێتەوە

شەشەم: ئامرازی توێژینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بەوەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە بە شێوەی (Google Form) و فۆرمی دەستی وەک گونجاوترین ئامرازی توێژینەوەی زانستی بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی پەیوەست بەپرسیارەکان وئامانجەکانی توێژینەوەکە.

حەوتەم: راستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە

توێژەران کاریان لەسەر راستی رواڵەت کردووە بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە، بەجۆرێك پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی راپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینیەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی هاوکێشەی هۆڵستی بەکارهێنرا بۆ دەرخستنی ڕێژەی ڕاستیی بەمجۆرە:

ڕاستی ڕواڵەت=برگە ڕاستەکان/کۆی برگەکان × ١٠٠ = (93.6٪)، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامرازەکانی توێژینەوەکە.

هەروەها لەدەرهێنانی جێگیری داتاکانی توێژینەوەکەدا جێگیری ڕێژەی جێگریی بریتییە لە (86،5٪).

بۆ رادەی جێگیریی توێژینەوەکە، رێگەیەکی دیکە بەکارهێنانی پێوەری (الفا کرونباخ)، کە بەهاکەی پێویستە گەورەتر یاخود یەکسان بێت بە (0.6)، بۆ زانین و دڵنیابوون لە رادەی جێگیریی برگەکانی فۆرمی راپرسی ئەم توێژینەوەیە، توێژەران هاوکێشەی (الفا کرونباخ)یان بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیەشدا بەهاکەی بۆ برگەکانی تەوەری رۆڵی پرۆدیوسەر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بریتییە لە (0.749)، بۆ برگەکانی تەوەری ئەرکەکانی پرۆدیوسەری بووڵتەنی هەواڵدا بریتییە لە (0.744)، بۆ برگەکانی تەوەری تایبەتمەندییەکانی پرۆدیوسەری بووڵتەنی هەواڵ بریتییە لە (0.752)، بۆ برگەکانی تەوەری بنەما کاریگەرەکان لەسەر بریاری پرۆدیوسەر بۆ ریزبەندی هەواڵ بریتییە لە (0.888)، بۆ برگەکانی تەوەری فاکتەر و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رۆژانەی پرۆدیوسەر بریتییە لە (0.873).

هەشتەم: سنووری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە سێ بوار دەگرێتەخۆ، ئەمانەن:

- مرۆیی: بریتییە لە پرۆدیوسەرانی بووڵتەنی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە بەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون.
- کات: کاتی ئەنجامدانی رووپێویەکە لە رێککەوتی 22ی 5ی 2025 تاوەکو 22ی 8ی 2025ی خایاندووە.
- شوێن: ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستانە، بەو پێیەی ناونیشانەکەی پەیوەستە بەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.

نۆیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

رۆڵ؛ بریتییە لە رەفتارێک کە ئامرازەکانی میدیا، بەرامبەر جەماوەر لە بوارێکی دیاریکراودا دەیگێڕن. رۆڵ رەفتارێکی رێکخراوە، کەسێک یان لایەنێک دەینوێنن لە پێگە و هەڵوێستە گونجاوەکان، بە مەبەستی بەشداریکردن لە رووداوەکان و رێکخستنی کۆمەڵێک بەها و پێوەری تایبەت بە پیشەیەکی زانستی.

پرۆدیوسەر؛ کەسێکی میدیاکارە، بیرۆکەی سەرەتایی پرۆژەی میدیایی وەردەگرێت و گەشەی پێدەدات، سەرپەرشتی قۆناخەکانی بەرهەمهێنان

دەکات، بەرپرسە لە نێوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکان، ئەوان هێزی بزوێنەری پشت هەر بەرهەمێکی میدیایین.
بەرهەمهێنان؛ لە میدیادا پرۆسەی بەرهەمهێنان زنجیرەیەک قۆناخی پێکەوەبەستراوە، لە بیرۆکەیەکی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات و بە بەرهەمێکی تەواوکراو کۆتایی دێت. سەرەتا بیرۆکەکان گەشەیان پێدەدرێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت دواتر پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکە دەستپێدەکات و دەبێتە بەرهەمێکی پووختەکراوی میدیایی.
بووڵتەنی هەواڵ؛ گەشتە سەرەکییەکانی هەواڵی کەناڵە تەلەڤیزیۆنەکانە. زۆربەی کات هەموو سەری کاژێرێک دەستپێدەکات. هەواڵ و چیرۆکی جۆراوجۆر بە ژانری سەرنجڕاکێشی میدیایی تێیدا پەخشدەکرێت. هاونیشتمانییان لە دوایین رووداو و پێشهاتەکان ئاگادار دەکاتەوە.
کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان: بریتیین لەو کەناڵە ئاسمانیانەی کە بە زمانی کوردی خزمەتگوزارییە میدیاییەکان پەخش و بڵاو دەکەنەوە لە رێگەی مانگە دەستکردەکان، ئەو کەناڵانە لەلایەن حیزبی سیاسیی کوردی و کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن و پاڵپشتی دارایی دەکرێن.

**بەشی دووەم/تیۆرینامەی توێژینەوەکە**

**تەوەری یەکەم پرۆدیوسەر و رەهەندەکانی**

یەکەم/ پرۆدیوسەر کێیە؟

پرۆدیوسەر بەرپرسیارە لە بەرێوەبردنی بووڵتەنی هەواڵ و بەگوێرەی سیاسەتی دامەزراوەکەی مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و رووداوەکان دەکات، هەروەها هاوئاهەنگی لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی ژووری هەواڵ دەکات و پێشنیازی بیرۆکەی هەواڵی دەخاتەڕوو، میوان داوا دەکات لەبارەی پاکێجێکی دیاریکراوی نێو بووڵتەنەکەی، پەیامنێرەکان راستەوخۆ لەبارەی رووداوە هەنوکەییەکان وەردەگرێت و پرسیار بۆ بێژەر دەنووسێت و بریار دەدات چ هەواڵ و رووداوێک لە ماوەی بووڵتەنەکەی پەخشبکرێت و چ بابەتێکیش بڵاونەبێتەوە (MILLERSON & OWENS 2009, 19)

پرۆدیوسەر کەسی یەکەمە لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵ، بەڵام لە بەشێکی دامەزراوە میدیاییەکان ئەوە جێبەجێ دەکەن، کە لەلایەن سەرنووسەرانی هەواڵەوە بۆی دیاریدەکرێت، ئەوکاتە رۆڵەکەی تەنیا دەبێتە بەرێوەبەردنی بووڵتەنی هەواڵ. (شطاح 2007، 66)

دەشێت بە پشتبەستن بەم سەرچاوانە پێناسەی رێکاری توێژەر بۆ پرۆدیوسەر، لەم پێناسەیە پوخت بکەینەوە، بریتییە لە میدیاکارێکی ئاستباڵای تەلەڤیزیۆنی، بەرپرسی یەکەمە لە نێوەرۆکی کۆی هەواڵ و ژانرە رۆژنامەڤانییەکانی نێو بووڵتەنی هەواڵ، لە ئامادەکردنییەوە تاوەکو سەرخستنی. وردی، خێرایی و خاوەن دیدگا، پێشینەی تایبەتمەندییەکانییەتی.

دووەم: گرنگیی کاری پرۆدیوسەر لە دامەزراوە میدیاییەکان دا

پرۆدیوسەر فیلتەرە، ئەو لە سەرچاوەگەلێکی فراوان و هەمەرەنگدا بەدوای بابەتدا دەگەرێت، بۆ نموونە لەگەڵ کارمەندانی بەشە جیاوازەکان، فریلانسەرەکان، ئاژانسەکانی هەواڵ و سەرچاوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان بریار لەوە دەدات، کامە لەو بابەتانە بۆ جەماوەری دامەزراوەکەی پەیوەندیدارتر و شایستەترن، پێوەرە سەرەکییەکانی ئەو بریارەش، ئەمانە لەخۆ دەگرن، هەنووکەیی، تازەیی و پەیوەندیداربوون. پرۆدیوسەر لەمیانەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی راپۆرتی رۆژنامەڤانی کاری ئێدیتینگ (ئافراندن)دەکات، بریتییە لە کارکردن لەسەر تێکستێک بە مەبەستی روونکردنەوەی زیاتر و گەیاندنی ماناکەی و چێژبەخشکردنی ستۆرییەکە بۆ جەماوەر تاوەکو بەرهەمەکە بە باشترین شێوە دەربکەوێت. پرۆدیوسەری باش نووسەرێکی بەتوانایە، رۆژنامەڤانی دەزانێت، لێهاتووە لە داڕشتن و پێکهاتەی ستۆری و دەزانێت چۆن کار دەکات و ئاگاداری رێوشوێنەکانی سەلامەتی و ئاسایش و ئاکاری رۆژنامەڤانییە.(Brewer 2025)

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی پرۆدیوسەر

پرۆدیوسەری سەرکەوتوو دەبێت رۆژنامەڤانێکی شارەزا و خاوەن دیدگا بێت، توانای سەرکردایەتی و دابەشکردنی ئەرکەکانی هەبێت. پێویستە لەژێر گوشاردا خێرا بریار بدات، شارەزای تەکنیک بێت و وردبینی لە زانیاری و زماندا بکات. هاوئاهەنگی لەگەڵ بەشەکان، خێرایی لە بەدواداچوون، و زانینی زمانی بیانی بۆ دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکان، بنەمان بۆ سەرخستنی بووڵتەن و دڵنیابوونەوە لە کوالێتی و دروستیی نێوەرۆک. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پرۆدیوسەر لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

1- ئەزموونی رۆژنامەڤانی: بەهۆی ئەوەی پرۆدیوسەر رۆژنامەڤانێکی ئاستباڵای تەلەڤزیۆنە و بەرپرسیارێتییەکی گرنگی لەئەستۆیە، دەبێت خاوەن ئەزموونێکی فراوانی میدیایی بێت. (ناسر 2025)
2- کۆنترۆڵکردنی گوشار: پرۆدیوسەر لە پرۆسەی ئامادەکردنی بووڵتەنەکەی لە ژووری هەواڵ تاوەکو سەرخستنی بووڵتەنەکەی لە گەلەری (کۆنترۆڵ رووم) رووبەرووی گوشاری زۆری کارکردن دەبێتەوە. دەبێت پرۆدیوسەر سەرکەوتووانە بتوانێت کۆنترۆڵی گوشارەکان بکات و چارەسەری خێرای بۆ کێشەکان هەبێت. (حەسەن 2025)
3- توانای بەرێوەبردن: پرۆدیوسەر دەبێت توانای سەرکردایەتیی تیمەکەی لە بەرێوەبردنی بووڵتەنەکەی هەبێت و کارەکان لەگەڵ ستافەکەی دابەشبکات و بە کارەکانیشدا بچێتەوە و وەکو سەرکردەیەکی خاوەن بریار خۆی ببینێت. (دارتاش 2024)
4- خێرایی لە بریاردان :دەبێت پرۆدیوسەر خێرابێت لە یەکلاییکردنەوەی هەواڵەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان بەتایبەت لەو هەواڵ و رووداوانەی لەکاتی بووڵتەنەکەی روودەدات. (ئ. فەرەج 2025)
5- شارەزایی تەکنیکی: پرۆدیوسەر پێویستی بە شارەزایەکی قووڵ هەیە و هەموو کارەکانی لە رێگەی ئەم سیستمەوە دەکرێت. (عەزیز 2025)
6- درکردن بە هەواڵ: پرۆدیوسەر ئەوکارامەییەی هەبێت نێوەرۆکی بەهێزی هەواڵەکان بناسێتەوە و لەنێو بووڵتەنەکەشی ئەو بەشەی هەواڵەکە لە رووی داڕشتنەوە گرنگی پێبدات. (عەزیز 2025)

7- هاوئاهەنگی:پرۆدیوسەر دەبێت هاوئاهەنگی تەواوی لەگەڵ بەشە جیاوزەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵەوە هەبێت و دڵنیابێتەوە لە تەواوبوونی کارەکانیان و لە یەک کاتدا بتوانێت لەگەڵ چەند بەشێک لە پەیوەندیدا بێت. (دارتاش 2024)

8- وردی:وردی یەکێکە لە کارامەییە گرنگەکان بۆ پرۆدیوسەر، چونکە پرۆدیوسەر دوایین فلتەرینگی تەلەڤزیۆنە بۆ پەخشبوونی بەرهەمە هەواڵییەکان. پرۆدیوسەر پێش دەستپێکی بووڵتەنەکەی لە هەموو بەرهەمە میدیاییەکان ورد دەبێتەوە لە زانیاریی و سەرچاوەکان دڵنیادەبێتەوە و راستاندنیان بۆ دەکات، هەروەها وردبینی بۆ هەڵە ڕێنووسییەکانی ئەو تێکستانە دەکات، کە لە تەلەڤزیۆن دەردەکەون. (مەحموود 2025)

9- خێرایی و گرجوگۆڵی:دەبێت پرۆدیوسەر خێرابێت لە کۆکردنەوەی هەواڵەکان بۆ بووڵتەن و گەیاندنی هەواڵ لە کاتی خۆیدا و بەردەوام بەدواداچوون بۆ هەواڵی نوێ بکات، هەروەها دەبێت چالاک بێت و توانای کارکردنی لە هەموو بارودۆخێکدا هەبێت و خێرابێت لە نوێکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی باشترکردنی کوالێتی کارەکان. (مەحموود 2025)

10- دیدگای رۆژنامەڤانی:بۆیە بە پرۆدیوسەر دەگوترێت رۆژنامەڤانێکی ئاستباڵای تەلەڤزیۆنی، چونکە خاوەن دیدگایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و رووداوەکان و بەردەوام دەبێت دیدگای رۆژنامەڤانی هەبێت، لەبارەی هەواڵە گرنگەکان بزانێت چۆن لەسەری دەوەستێت و بزانێت لەسەر چ هەواڵێک میوان دەهێنێت و لەسەر چ هەواڵێک پێویست دەکات پەیامنێر وەربگرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان. (ناسر 2025)

11- زمانزانی؛ لە میدیادا گرنگی تایبەتی هەیە، باشترە پرۆدیوسەر جگە لە زمانی دایک، زمانێکی دیکە بزانێت لەبەر ئەم هۆکارانە، فراوانکردنی سەرچاوەکانی هەواڵ، توانای بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرچاوەی جیاوازەوە، سوودوەرگرتن لە میدیای نێودەوڵەتی و وەرگرتنی هەواڵ لە سەرچاوە سەرەکییەکە، ئەمیش بە مەبەستی باشترکردنی نێوەڕۆک و تێگەیشتنی قووڵتر لە بابەتەکان و بەراوردکردنی هەواڵ بە سەرچاوە جیاوازەکان. (بەهرام 2025)

**تەوەری دووەم بوڵتەنی هەواڵ و رەهەندەکانی**

یەکەم: پێناسەی بووڵتەنی هەواڵ

بووڵتەنی هەواڵ؛ بریتییە لە پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییەکی هەواڵی، بەگوێرەی کاتی پەخشی تەلەڤزیۆن زۆربەی کات هەموو سەری کاتژمێرێک پێشکێشدەکرێت. لە زمانی کوردیدا زۆرجار بە گەشتی هەواڵ، یاخود دەنگوباس و درێژەی هەواڵدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا زۆرێک لە کەناڵە کوردییەکان وشەی بووڵتەن وەکو خۆی بەکاردەهێنن.

لە بنەڕەتدا بووڵتەن وشەیەکی لاتینییە لە زمانی عەرەبی بە واتای 'نشرة الاخبار' دێت، لە زمانی تورکیش بە Bülteni ناوی دێت، هەروەها بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزیش بە Bulletin ناسراوە وەکو چەمکێکی میدیایی. (صابر 2023, 2)

بووڵتەنی هەواڵ جۆرێکە لە پێشکێشکردنی هەواڵ لە کاتە دیاریکراوەکاندا لە رێگەی تەلەڤیزیۆنەوە، هەواڵ و هەواڵی کورت، راپۆرتی پەیامنێران لە ناوخۆ و دەرەوە و ئەو لێدوانانەی بەدەستیان دەهێنن پێشکێش دەکرێت، هەروەها هەوڵێکی بەکۆمەڵە، ئامانجی یەکەمی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵە لە بەرژەوەندیی وەرگر. (ابوعرقوب 2012، 15)

بەگوێرەی ئەم سەرچاوانە دەکرێت بووڵتەنی هەواڵ لەم پێناسەیە پوخت بکەینەوە: بریتییە لە ژانرێکی سەرەکی تەلەڤیزیۆن بۆ نمایشکردن و خستنەڕووی زنجیرەیەک وێنەی جوڵاو و دەنگی رێکخراو پەیوەست بە رووداوێکی دیاریکراو، بە مەبەستی پێدانی زانیاریی و کاریگەریی خستنەسەر بینەر بە ڕەچاوکردنی بەها ئاکارییەکانی رۆژنامەڤانی و پێوەرە ستانداردەکان و تەکنیکەکانی نووسین بۆ وێنە.

دووەم: ئەرکەکانی بووڵتەنی هەواڵ

ئەرکە سەرەکییەکانی بووڵتەنی هەواڵ بریتین لە: پێدانی زانیاریی نوێ و ئاگادارکردنەوەی جەماوەر، گەیاندنی کێشەکانی خەڵک بە دەسەڵات بە مەبەستی چارەسەر و شرۆڤەکردنی قووڵی رووداوەکان. گرنگترین ئەرکەکانی بووڵتەنی هەواڵ لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو.

1- پێدانی زانیاریی، ئاگادارکردنەوە و پێدانی زانیاری بە جەماوەر و تێکردنی ئارەزووی بەدواگەڕانیان بۆ زانینی هەواڵ و رووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوە.

2- پێڕاگەیاندن، خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بە رووی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مەبەستی چارەسەرکردن و بەدواداچوونیان.

3- شرۆڤەکردن، شیکردنەوەی پشت پەردەی رووداوەکان و روونکردنەوەی هۆکارەکان و خستنەڕووی دەرئەنجامەکان.

4- پەروەردەیی و رۆشنبیری، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی جەماوەر و دروستکردنی هۆشیاری گشتی و پێدانی زانیاری پەروەردەیی بە جەماوەر.

5- چاودێری و بەدواداچوون، چاودێریکردنی کار و چالاکییەکانی دەسەڵات و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکان لە رێگەی ئاشکراکردنی کەموکورییەکان. (الزهرة 2016، 186)

6- کاریگەری و ئاراستەکردن، دانانی کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی و ئاراستەکردنی جەماوەر بەرەو رەفتاری دروست و دوورکەوتنەوە لە رەفتاری شەڕانگێزانە.

7- پێشبینی و ئامادەکاری، پێشبینیکردنی رووداوە چاوەڕوانکراوەکان و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ گۆڕانکارییەکانی نێوخۆ و دەرەوە و خستنەڕووی پێشهات و رووداوەکان.

8- پێکەوەژیان، دروستکردنی پەیوەندیی ئاشتییانە لەنێوان پێکهاتە و نەتەوە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی یەکگرتوویی نیشتمانی و دەوڵەمەندکردنی کولتووری کۆمەڵگا و هەمەچەشنترکردنی و کراوەیی بەڕووی کولتورەکانی دیکەدا.
9- بەڵگەیی و مێژوویی، تۆمارکردنی ڕووداوە گرنگەکان و پاراستنی زانیارییە مێژووییەکان و دروستکردنی ئەرشیڤی هەواڵی. (الشعيبي 2004، 23)

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بووڵتەنی هەواڵ
لە تایبەتمەندییەکانی بووڵتەنی سەرکەوتوو دەبێت تازەیی پێوە دیاربێت و پابەندبوون بە وردی، دروستی و بێلایەنی لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا هەبێت. پێویستە نێوەڕۆکێکی گشتگیر بە زمانێکی سادە، ڕوون و پوخت پێشکێش بکرێت. لێرەدا تایبەتمەندییەکانی بووڵتەنی هەواڵ لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت کراونەتەوە.

1- تازەیی؛ یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی بووڵتەنی هەواڵ تازەییە لە ڕووی نێوەڕۆکی ئەو مەتریالانەی لەنێو بووڵتەنی هەواڵدا پەخش دەکرێت. بووڵتەنی هەواڵی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی خێرا و ڕاستەوخۆ لە کاتی ڕوودانیان، یان زۆر نزیک لە کاتی ڕوودانیان بگوازێتەوە و ڕووماڵ بکات. هەروەها تازەیی ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بەهای هەواڵدا. (Ruge 1965, 65)
2- دروستی و وردی؛ بووڵتەنی هەواڵی پرۆفیشناڵ پێویستە گرنگی زۆر بە دروستی و وردی زانیارییەکان بدات. ئەمە بە واتای پشتڕاستکردنەوەی هەموو زانیارییەکان لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە دێت پێش بڵاوکردنەوەیان. ( Cecilia Friend, Jane Singer (2007, 79
3- بێلایەنی؛ بە واتای بە یەکسانی ڕوومالکردنی هەموو لایەنەکانی ڕووداوێک دێت بەبێ لایەنگری. بێلایەنی تەنیا بە واتای هاوسەنگی نێوان سەرچاوە جیاوازەکان و بۆچوونە ناکۆکەکان نایەت، بەڵکو پەیوەستە بە شێوازی پێشکێشکردنی هەواڵە و دوورکەوتنەوە لە زمانی سۆزداری و بڕیاردانەوە. (Schudson 2001, 149)
گشتگیری؛ بووڵتەنی هەواڵی سەرکەوتوو پێویستە گشتگیر بێت، بە واتای پێشکێشکردنی هەموو زانیارییە گرنگ و پەیوەندیدارەکان تاوەکو بینەر وێنەیەکی تەواو لە ڕووداوەکە وەربگرێت. گشتگیری پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی هەواڵ کە بریتین لە کێ، چی، کەی، لەکوێ، چۆن و بۆچی. (T. Harcup & Deirdre O'Neill 2016, 30)
5- کورتی و پوختی؛ هەر ماتریالێکی نێو بووڵتەنی هەواڵ پێویستە بە کەمترین وشە و زمانێکی ڕوون و سادە پێشکێش بکرێت. کورتی و پوختی بە تایبەت لە بووڵتەنی هەواڵی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی زۆر گرنگە، چونکە کاتی هەر مەتریالێک سنووردارە و هەر زێدەڕۆییەک وادەکات کاتی کەمتر بۆ بابەتەکانی دیکە تەرخان بکرێت. (Bruce D. Itule & Douglas Anderson 2007, 56)
6- ڕوونی و سادەیی؛ بە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بووڵتەنی هەواڵ دادەنرێت، هەربۆیە بووڵتەنی هەواڵی کاریگەر پێویستە ڕوون و سادە بێت. زمانی بووڵتەنی هەواڵ پێویستە بۆ جەماوەری گشتی بێت و تێگەیشتنی ئاسان بێت. بەکارهێنانی زمانی ئاڵۆز کاریگەری نەرێنی لەسەر تێگەیشتنی بینەر دەبێت. (Silverman 2006, 123)
7- سەرنجڕاکێشی؛ بووڵتەنی هەواڵی پێویستی بە سەرنجڕاکێشی هەیە تاوەکو بینەر لە یەکەم هەواڵەوە بۆ کۆتا هەواڵ تەماشای بووڵتەنەکە بکات. سەرنجڕاکێشی دەکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەردێڕی سەرنجڕاکێش، زمانی زیندوو، وێنەی کاریگەر و گێڕانەوەی چیرۆکئامێز بەدیبێت. (S. Elizabeth Bird, Robert W. Dardenne 2009, 205)
8- دابەشکردنی دروست؛ بووڵتەنی هەواڵی پرۆفیشناڵ پێویستە بە شێوەیەکی دروست دابەش بکرێت، واتا هەواڵەکان بەپێی گرنگی و بایەخیان ڕێکبخرێن و ڕیزبەندییان بۆ بکرێت، واتە هەواڵە گرنگەکان لە سەرەتا و هەواڵە کەمتر گرنگەکان لە کۆتاییدا. دابەشکردنی دروستی هەواڵ یارمەتی بینەر دەدات کە زانیارییە گرنگەکان وەربگرێت تەنانەت ئەگەر نەتوانێت هەموو بووڵتەنەکە سەیر بکات. هەروەها دەبێت یەکێتی بابەتی لە ڕیزبەندیکردنی هەواڵەکان لەبەرچاو بگیرێت، واتە هەواڵی دواتر نزیکی بابەتی و جیوگرافی لەگەڵ هەواڵی پێش خۆی هەبێت و بەجۆرێک نەبێت لاسەنگی دروستبکات. (Cottle 2003, 156)
**بەشی سێیەم/ لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە**
لەم توێژینەوەیەدا توێژەران بە مەبەستی وردبوونەوە، سامپڵێکی مەبەستداریان لە پرۆدیوسەرانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، کە بە شێوەی فۆرمی ئەلکترۆنی، زانیارییە بەدەستهاتووەکانی نێو فۆرمەکە لە چەندین خشتەدا پۆلێن و ڕێکخراون و ڕوونکراونەتەوە.

**خشتەی (1)خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی دیمۆگرافیای نموونەی توێژینەوەکە**

| دیمۆگرافیای نموونەی توێژینەوەکە | | دووبارە | ٪ | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | نێر | 74 | 97.4٪ | یەکەم |
| | مێ | 2 | 2.6٪ | دووەم |
| **تەمەن** | 24- 30 ساڵ | 13 | ٪17.1 | سێیەم |
| | 36-31 ساڵ | 26 | ٪34.2 | دووەم |
| | 42-37 ساڵ | 30 | ٪39.5 | یەکەم |
| | 48-43 ساڵ | 5 | ٪6.6 | چوارەم |
| | 54-49 ساڵ | 2 | ٪2.6 | پێنجەم |
| ساڵانی ئەزموونی کار | کەمتر لە پێنج ساڵ | 7 | ٪9.2 | چوارەم |
| | 5 - 10 ساڵ | 15 | ٪19.7 | سێیەم |
| | 11- 15 ساڵ | 19 | ٪25.0 | دووەم |
| | زیاتر لە 15 ساڵ | 35 | ٪46.1 | یەکەم |

خشتەی 1 تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە، تێیدا ڕەگەزی نێر هەرە زۆرترینە و لە پلەی یەکەم بە ڕێژەی (97.4٪)، ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (2.6٪)ی سامپڵی توێژینەوە لە پلەی دووەم دێت. بەم ئەنجامە دەردەکەوێت زۆرینەی پرۆدیوسەرانی کەناڵە ئاسمانییەکان نێرن و کەناڵەکان کەمتر گرنگییان بە هاوسەنگیی ڕەگەزی داوە.
دەستەی تەمەنی سامڵی توێژینەوەکە لە نێوان 37-42 ساڵ بە زۆرترین ڕێژە لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (39.5٪) دەستەی تەمەنی نێوان 31-36 ساڵ لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (34.2٪)، لە پلەی سێیەمیش تەمەنەکانی نێوان 24-30 ساڵ دێت بە ڕێژەی (17.1٪)، پلەی چوارەم ئەوانەن تەمەنیان لە نێوان43-48 ساڵە بە ڕێژەی (6.6٪)، لە پلەی پێنجەم و کۆتایی ئەوانە دێن، کە تەمەنیان لە نێوان 49-54 ساڵە، کە کەمترین ڕێژەیە و بریتییە لە (2.6٪)ی سامپڵی توێژینەوەکە.
لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی پرۆدیوسەرانی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان لە توێژی گەنجانن و کەناڵەکان بۆ بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵ زیاتر پشت بە گەنجانی پیشەگەر دەبەستن و سوود لە تواناکانیان دەبینن.
لەڕووی ساڵانی ئەزموونی کاری تاکەکانی توێژینەوە. زۆربەی ڕێژەی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە ئەزموونی کاریان لە 15 ساڵ زیاترە بە ڕێژەی (46.1٪)لە پلەی یەکەمن، لە پلەی دووەم ئەوانەن ئەزموونی کاریان لە نێوان 11-15 ساڵە بە ڕێژەی (25٪)، لە پلەی سێیەم ئەوانەن ئەزموونی کاریان لە نێوان 5-10 ساڵە بە ڕێژەی (19.7٪)، لە پلەی چوارەم ئەوانە دێن ئەزموونی کاریان کەمترە لە پێنج ساڵ بە ڕێژەی (9.2٪)، بەم ئەنجامە بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی زیاتر لە 71٪ی سامپڵی توێژینەوەکە ساڵانی ئەزمونی کاریان لە 11 ساڵ زیاترە.
واتە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان ئەزموونی کار بە تایبەتمەندییەکی گرنگ دەبینن بۆ پرۆدیوسەران تاوەکو بەرپرسیارێتی بووڵتەنی هەواڵیان پێبدرێت، لەم ڕێگەیەوە ئەزموونی کاری میدیاییان بەکاربهێنن بۆ مامەڵەکردنێکی دروست و پیشەییانە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداو و چۆنیەتی گواستنەوەی زانیارییەکان.

خشتەی 2 گرنگیدانی کەناڵەکان بە کاری پرۆدیوسەری لە سامپڵی توێژینەوە دیاری دەکات

| گرنگیدانی کەناڵەکان بە کاری پرۆدیوسەر | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| گرنگیی پێنادات | 2 | 2.6٪ | سێیەم |
| نازانم | 14 | 18.4٪ | دووەم |
| گرنگیی پێدەدات | 60 | 78.9٪ | یەکەم |
| کۆی گشتی | 76 | ٪100.0 | |

خشتەی 2 دەریدەخات ئەو کەناڵانەی پرۆدیوسەران کاری تێیدا دەکەن بە ڕێژەیەکی زۆر بڕوایان وایە کەناڵەکانیان گرنگی بە کاری پرۆدیوسەری دەدەن، کە بە ڕێژەی (78.9٪)لە سامپڵی توێژینەوە بە پلەی یەکەم دێن، لە پلەی دووەم بە ڕێژەی (18.4٪)پرۆدیوسەران نازانن کەناڵەکان گرینگی بە کاری پرۆدیوسەر دەدەن. لە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (2.6٪)بڕوایان وایە کەناڵەکانیان گرنگی بە کاری پرۆدیوسەری نادەن، بەم ئەنجامە بۆمان دەردەکەوێت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هاوشانی میدیا جیهانییەکان گرنگی بە کاری پرۆدیوسەری دەدەن، وەکو مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هاوشانی میدیا جیهانییەکان، گرنگی بە کاری پرۆدیوسەری دەدەن و وەک مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی دەیبینن. ئەم پەرەسەندنە نیشانەی گەشەکردنێکی بەرچاوی میدیای کوردییە، کە هەوڵدەدات ستانداردە نێودەوڵەتییەکان پێڕەو بکات، ئەمەش یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و دڵنیابوون لەوەی میدیای کوردی توانای کێبڕکێی لەگەڵ تۆڕە میدیاییە جیهانییەکاندا هەیە.

خشتەی3 ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا لە سامپڵی توێژینەوە دیاری دەکات

| ڕۆڵی پرۆدیوسەر لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| هیچ ڕۆڵێکی نییە | 1 | 1.3 | سێیەم |
| تاڕادەیەک | 30 | 39.5 | دووەم |
| زۆرترین ڕۆڵی هەیە | 45 | 59.2 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 76 | 100.0٪ | |

خشتەی3 دەریدەخات پرۆدیوسەران زۆرترین ڕۆڵیان هەیە لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا بە ڕێژەی (59.2٪)لە سامپڵی توێژینەوە لە پلەی یەکەمن، لە پلەی دووەم بە ڕێژەی (39.5٪)وەڵامی (تاڕادەیەک)دێت، لە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (1.3٪)ڕایان وایە پرۆدیوسەران ڕۆڵیان نییە لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا.
بەم ئەنجامە دەردەکەوێت پرۆدیوسەر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا هەیە. ئەمە پێشانی دەدات پرۆدیوسەران نەک تەنیا لە پشت پەردەوە کار ناکەن، بەڵکو ئەندازیاری سەرەکی نێوەڕۆکن، کە لە قۆناخی داڕشتنی بیرۆکەوە تاوەکو پەخشکردنی کۆتایی، بەرپرسیارێتییەکی زۆریان لە ئەستۆدایە. پرۆدیوسەران دڵنیا دەبنەوە لەوەی هەواڵەکان بە شێوەیەکی دروست و بابەتیانە بڵاوبکرێنەوە.

خشتەی 4 ئەرکی پرۆدیوسەری بووڵتەنی هەواڵ لە سامپڵی توێژینەوە دیاری دەکات

| ئەرکی پرۆدیوسەری بووڵتەنی هەواڵ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| ئامادەکەرە | 14 | 18.4 | سێیەم |
| بەرهەمهێنەرە | 10 | 13.2 | چوارەم |
| جێبەجێکارە | 5 | 6.6 | پێنجەم |
| ئامادەکار، بەرهەمهێنەر | 4 | 5.3 | شەشەم |
| ئامادەکار، بەرهەمهێنەر، جێبەجێکار | 21 | 27.6 | یەکەم |
| بەرهەمهێنەر، جێبەجێکار | 2 | 2.6 | حەوتەم |
| ئامادەکار، جێبەجێکار | 20 | 26.3 | دووەم |
| کۆی گشتی | 76 | 100.0٪ | |

خشتەی 4 دەریدەخات لە پلەی یەکەم بڕوایان وایە ئەرکی پرۆدیوسەری هەواڵ هەرسێ ئەرک لەخۆ دەگرێت (ئامادەکار، بەرهەمهێنەر و جێبەجێکار)بە ڕێژەی (27.6٪)ی سامپڵی توێژینەوە. لە پلەی دووەم بڕوایان وایە ئەرکی پرۆدیوسەر بریتییە لە (ئامادەکار و جێبەجێکار)بە ڕێژەی (26.3٪)، کەمترین ڕێژە کە بریتییە لە (2.6٪)بڕوایان وایە ئەرکی پرۆدیوسەر (بەرهەمهێنەر، جێبەجێکار)ە.

ئەمە پێشانی دەدات، ناڕوونی لە ئەرکی پرۆدیوسەر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەیە، بەڵام لە زۆرینەی کەناڵەکان پرۆدیوسەر هەرسێ

ئەرک لەخۆدەگرێت، کە بریتییە لە ئامادەکاری بۆ بووڵتەنی هەواڵ، بەرهەمهێنانی مەتریالەکانی بووڵتەنی هەواڵ و جێبەجێکردنی بووڵتەنی هەواڵ لە کۆنترۆڵ.

دەشێت بڵێین پرۆدیوسەر وەکو میدیاکارێکی فرەتوانا سێ ئەرکی سەرەکی لەئەستۆ دەگرێت کە بۆ بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵ زۆر گرنگن. یەکەم، ئامادەکاری بۆ بووڵتەنەکە دەکات، کە ئەمەش بریتییە لە دیاریکردنی هەواڵەکان، ڕیزبەندکردنیان. دووەم، سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی مەتریالەکانی بووڵتەنەکە دەکات، وەک ڕاپۆرتە ڤیدیۆییەکان، گرافیکەکان، چاوپێکەوتنەکان، دڵنیایی دەدات لەوەی هەموو شتێک بە کوالیتی بەرز ئامادە کراون. سێیەم و کۆتایی، پرۆدیوسەر لە ژووری کۆنترۆڵ ئەرکی جێبەجێکردنی بووڵتەنەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

خشتەی 5 ئەو بنەمایانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری پرۆدیوسەر بۆ ڕیزبەندیکردنی هەواڵەکانی بووڵتەن هەیە دیاری دەکات

| برگە | برگە | بەتەواوی هاورانیم | | هاورانیم | | بێلایەن | | هاورام | | بەتەواوی هاورام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ئاستی گۆڕانکاری (CV) | ڕێژەی لەگەڵ بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | | | | |
| S1 | بەهاکانی هەواڵ وەک: تازەیی، نزیکی، گرنگی بنەمایەکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ ڕیزبەندی هەواڵەکان | 3 | 3.9 | 4 | 5.3 | 7 | 9.2 | 19 | 25.0 | 43 | 56.6 | 4.25 | 1.085 | 25.5 | 85٪ |
| S2 | سیاسەتی دەزگاکەم پێوەرێکی گرنگ نییە بۆ ڕیزبەندی هەواڵەکان | 13 | 17.1 | 16 | 21.1 | 4 | 5.3 | 22 | 28.9 | 21 | 27.6 | 3.29 | 1.495 | 45.4 | 65.8٪ |
| S3 | کۆبوونەوەی ژووری هەواڵ کاریگەری لەسەر ڕیزبەندی هەواڵەکان نییە | 12 | 15.8 | 12 | 15.8 | 8 | 10.5 | 30 | 39.5 | 14 | 18.4 | 3.29 | 1.364 | 41.5 | 65.8 |
| S4 | هەواڵی بەپەلە نابێتە هۆی گۆڕانکاریی لە ڕیزبەندی هەواڵ | 11 | 14.5 | 13 | 17.1 | 4 | 5.3 | 30 | 39.5 | 18 | 23.7 | 3.41 | 1.397 | 41.0 | 68.2٪ |
| S5 | تۆپستۆریەکانی ڕۆژ، کە بەشی پلان دیاریان دەکات، کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر ڕیزبەندی هەواڵ نییە | 6 | 7.9 | 13 | 17.1 | 14 | 18.4 | 23 | 30.3 | 20 | 26.3 | 3.50 | 1.270 | 36.3 | 70٪ |
| S6 | پریسکۆنفرانسی ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕانکاریکردن لە ڕیزبەندی هەواڵەکان | 3 | 3.9 | 4 | 5.3 | 8 | 10.5 | 30 | 39.5 | 31 | 40.8 | 4.08 | 1.043 | 25.6 | 81.6٪ |
| S7 | ئامادەبوونی پەیامنێر لەشوێنی ڕووداو-ڕاستەوخۆ، وادەکات ڕاستەوخۆ ڕیزبەندی هەواڵ بگۆڕدرێت | 2 | 2.6 | 4 | 5.3 | 9 | 11.8 | 24 | 31.6 | 37 | 48.7 | 4.18 | 1.016 | 24.3 | 83.6٪ |
| S8 | هەواڵێک کە وەڵامی هەموو ڕەگەزەکانی هەواڵی دابێتەوە، بنەمایەکی یەکلاکەرەوە نییە بۆ لەسەر ڕیزبەندی هەواڵەکا | 4 | 5.3 | 12 | 15.8 | 15 | 19.7 | 26 | 34.2 | 19 | 25.0 | 3.58 | 1.181 | 33.0 | 71.6٪ |
| S9 | سکووپی ڕۆژنامەڤانی هەواڵێک، تەنیا لای دەزگاکەی تۆ هەبێت هیچ کاریگەریی نابێت لەسەر ڕیزبەندی هەواڵەکان | 6 | 7.9 | 23 | 30.3 | 8 | 10.5 | 21 | 27.6 | 18 | 23.7 | 3.29 | 1.335 | 40.6 | 65.8٪ |

لە خشتەی 5 کە تایبەتە بە دووبارەبوونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوانەیی و ئاستی گۆڕانکاری بۆ تەوەری ئەو بنەمایانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری پرۆدیوسەر بۆ ڕیزبەندیکردنی هەواڵەکانی بووڵتەن هەیە، دەردەکەوێت، کە لە برگەی s7 کە بریتییە لە (ئامادەبوونی پەیامنێر لەشوێنی ڕووداو-ڕاستەوخۆ، وادەکات ڕاستەوخۆ ڕیزبەندیی هەواڵ بگۆڕدرێت)لە هەموو برگەکانی تری تەوەرەکە جێگیرترە، ئەمەش چونکە نرخی ئاستی گۆڕانکاری (C.V.)بۆ ئەم برگەیە لە هەموو برگەکانی تر بچووکترە و یەکسانە بە (24.3)و تێیدا ڕێژەی لەگەڵبوون بەرزترینە، کە یەکسانە بە 83.6٪ لە هەمانکاتدا ڕێژەی بەتەواوی هاوڕان بەرزترینە بە (48.7٪)بە (37)دووبارە لە پلەی یەکەمدایە، لە پلەی دووەم هاوڕابوون دێت بە ڕێژەی (31.6٪)بە (24)دووبارە، لە پلەی سێیەم بێلایەنن بە ڕێژەی (11.8٪)بە (9)دووبارە، لە پلەی چوارەم هاوڕانین بە ڕێژەی (5.3٪)بە (4)دووبارە. لە پلەی پێنجەم بەتەواوی هاوڕانین بە ڕێژەی (2.6)بە (2)دووبارە، ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە (4.18)هەروەها لادانی پێوانەیی یەکسانە بە (1.016). بە هەمان شێوە برگەکانی S1 , S6 ئاستی گۆڕانکاری تێیدا نزمە و ڕێژەی لەگەڵبوون بەرزە.

لە برگەی S2 کە تایبەتە بە (سیاسەتی دەزگاکان پێوەرێکی گرنگ نییە بۆ ڕیزبەندی هەواڵەکان)کەمترین ڕێژەی جێگیری هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەهای ئاستی گۆڕانکاری .C.V بۆ ئەم برگەیە لە هەموو برگەکانی تر زیاترە، کە یەکسانە بە (45.4)، کەمترین ڕێژەی لەگەڵبوون هەیە کە یەکسانە بە (65.8٪)، تێیدا هاوڕان لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (28.9٪)ی سامپڵی توێژینەوە بە (22)دووبارە، لە پلەی دووەم بەتەواوی هاوڕان بە ڕێژەی (27.6٪)بە (21)دووبارە، لە پلەی سێیەم هاوڕانین بە ڕێژەی (21.1٪)بە (16)دووبارە لە پلەی چوارەم بەتەواوی هاوڕانین بە ڕێژەی (17.1)بە (13)دووبارە لە پلەی پێنجەم و بێلایەنن بە ڕێژەی (5.3٪)بە (4)دووبارە لێرەدا دەبینین کە وەڵامەکان دابەشبوون بەسەر هەڵبژاردەکان، بەهۆیەوە ئاستی گۆڕانکاری بەرزە، ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە (3.29)و لادانی پێوانەیی یەکسانە بە (1.495). بە هەمان شێوە دەبینین کە ئاستی گۆڕانکاری بۆ S3,S4,S5,S8,S9 بەرزە و ڕێژەی لەگەڵبوونیان کەمە.

خشتەی (6) فاکتەر و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژانەی پرۆدیوسەر روون دەکاتەوە

| بڕگە | بڕگە | بەتەواوی هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | بێلایەن | | هاوڕام | | بەتەواوی هاوڕام | | ناوەندی ژمێریی | لادانی پێوانەیی | ئاستی گۆڕانکاری (CV) | ڕێژەی لەگەڵ بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | دووبارەبوونەوە | ٪ | | | | |
| U1 | فشاری کات: نەبوونی کاتی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی کوالیتی پێش پەخش | 2 | 2.6 | 3 | 3.9 | 23 | 30.3 | 29 | 38.2 | 19 | 25.0 | 3.79 | .957 | 25.3 | 75.8 |
| U2 | دەگمەنی و بەردەستنەبوونی ڤیدیۆی گونجاو بۆ بەشێک لە هەواڵەکان | 2 | 2.6 | 2 | 2.6 | 28 | 36.8 | 28 | 36.8 | 16 | 21.1 | 3.71 | .921 | 24.8 | 74.2 |
| U3 | کێشەکانی نێوەڕۆک: دووبارەبوونەوەی مەتریاڵ، کەمیی شێکاری، یان نەبوونی هاوسەنگی | 1 | 1.3 | 9 | 11.8 | 24 | 31.6 | 28 | 36.8 | 14 | 18.4 | 3.59 | .969 | 27.0 | 71.8 |
| U4 | گرفتە تەکنیکییەکان: کێشەی ئینتەرنێت، کارەبا، یان سیستمەکانی پەخش و ئاینیوز | 1 | 1.3 | 12 | 15.8 | 24 | 31.6 | 27 | 35.5 | 12 | 15.8 | 3.49 | .986 | 28.3 | 69.8 |
| U5 | کێشەی ڕستوری دیمەن: پێویستیی دیمەنی ئەرشیف و بەرزکردنەوەی کوالیتییەکەی | 1 | 1.3 | 6 | 7.9 | 21 | 27.6 | 31 | 40.8 | 17 | 22.4 | 3.75 | .940 | 25.1 | 75 |
| U6 | درەنگ گەیشتنی ڤیتییەکان: تەواونەبوونی ڕاپۆرتی پەیامنێران لە کاتی پێویستدا | 1 | 1.3 | 8 | 10.5 | 25 | 32.9 | 22 | 28.9 | 20 | 26.3 | 3.68 | 1.023 | 27.8 | 73.6 |
| U7 | دواکەوتنی میوانی نێو بووڵتەن | 4 | 5.3 | 6 | 7.9 | 31 | 40.8 | 20 | 26.3 | 15 | 19.7 | 3.47 | 1.064 | 30.7 | 69.4 |
| U8 | دەستنەگەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان | 0 | 0 | 3 | 3.9 | 26 | 34.2 | 27 | 35.5 | 20 | 26.3 | 3.84 | .865 | 22.5 | 76.8 |
| U9 | کاریگەریی بەرپرسانی ژووری هەواڵ لەسەر بڕیارەکانی پرۆدیوسەر | 1 | 1.3 | 4 | 5.3 | 16 | 21.1 | 30 | 39.5 | 25 | 32.9 | 3.97 | .938 | 23.6 | 79.4 |
| U10 | گرنگیدان بە چاوەڕوانی و خواستی بینەران | 0 | 0 | 3 | 3.9 | 18 | 23.7 | 34 | 44.7 | 21 | 27.6 | 3.96 | .824 | 20.8 | 79.2 |
| U11 | ڕکابەری لەگەڵ کەناڵەکانی دیکە | 3 | 3.9 | 3 | 3.9 | 18 | 23.7 | 34 | 44.7 | 18 | 23.7 | 3.80 | .980 | 25.8 | 76 |
| U12 | گوشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان | 1 | 1.3 | 7 | 9.2 | 22 | 28.9 | 34 | 44.7 | 12 | 15.8 | 3.64 | .905 | 24.9 | 72.8 |
| U13 | سنووردارێی بودجە و دارایی | 1 | 1.3 | 9 | 11.8 | 9 | 11.8 | 30 | 39.5 | 11 | 14.5 | 3.54 | .930 | 26.3 | 70.8 |

لە خشتەی 6 کە تایبەتە بە دووبارەبوونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریی، لادانی پێوانەیی و ئاستی گۆڕانکاری بۆ تەوەری فاکتەر و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژانەی پرۆدیوسەر، دەردەکەوێت کە بڕگەی U10 کە بریتییە لە (گرنگیدان بە چاوەڕوانی و خواستی بینەران)لە هەموو بڕگەکانی تری تەوەرەکە جێگیرترە(پەرش و بڵاوی کەمترە)ئەمەش چونکە نرخی ئاستی گۆڕانکاری (C.V.)بۆ ئەم بڕگەیە لە هەموو بڕگەکانی تر بچووکترە و یەکسانە بە (20.8)و تێیدا ڕێژەی لەگەڵبوون بەرزە، کە یەکسانە بە 79.2٪ لە هەمانکاتدا ڕێژەی هاوڕان بەرزترینە بە (44.7٪)بە (43)دووبارە لە پلەی یەکەمدایە، لە پلەی دووەم تەواو هاوڕابوون دێت بە ڕێژەی (27.6٪)بە (12)دووبارە، لە پلەی سێیەم بێلایەنن بە ڕێژەی (23.7٪)بە (18)دووبارە. لە پلەی چوارەم هاوڕانین بە ڕێژەی (3.9٪)بە (3)دووبارە، ناوەندی ژمێریی یەکسانە بە (3.96)هەروەها لادانی پێوانەیی یەکسانە بە (0.824)بەهەمان شێوە بڕگەکانی U1,U2,U3,U4,U5,U6,U8,U9,U10 U11,U12,U13،ئاستی گۆڕانکاری تێیدا نزمە و ڕێژەی لەگەڵباون بەرزە.

بڕگەی U7 کە تایبەتە بە(دواکەوتنی میوانی نێو بووڵتەن)کەمترین ڕێژەی جێگیری (زۆرترین ڕێژەی پەرش و بڵاوی)هەیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بەهای ئاستی گۆڕانکاری .C.V بۆ ئەم بڕگەیە لە هەموو بڕگەکانی تر زیاترە کە یەکسانە بە (30.7)، کەمترین ڕێژەی لەگەڵبوون هەیە کە یەکسانە بە (69.4٪)، تێیدا بێلایەنن لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (40.8٪)ی سامپڵی توێژینەوە بە (31)دووبارە، لە پلەی دووەم هاوڕان بە ڕێژەی (26.3٪)بە (20)دووبارە، لە پلەی سێیەم تەواو هاوڕان بە ڕێژەی (19.7٪)بە (15)دووبارە لە پلەی چوارەم هاوڕانین بە ڕێژەی (7.9)بە (6)دووبارە لە پلەی پێنجەم و بە تەواوی هاوڕانین بە ڕێژەی (5.3٪)بە (4)دووبارە. لێرەدا دەبینین کە وەلامەکان دابەشبوون بەسەر هەڵبژاردەکان و ئاستی گۆڕانکاری بەرزە، ناوەندی ژمێریی یەکسانە بە (3.47)و لادانی پێوانەیی یەکسانە بە (1.064).

**دەرئەنجام، ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

یەکەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران بە کۆمەڵە دەرئەنجامێک گەیشتوون، لێرەدا دەیانخەینەڕوو.

1- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هاوشانی میدیا جیهانییەکان گرنگی بە کاری پرۆدیوسەری دەدەن، وەکو مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی.
2- پرۆدیوسەر لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا هەیە.
3- سیاسەتی دەزگاکان پێوەرێکی گرنگە بۆ ڕیزبەندی هەواڵەکانی بووڵتەن، کە پرۆدیوسەر پشتیان پێدەبەستێت.
4- گرنگیدان بە چاوەڕوانی خواستی بینەران فاکتەرێکی سەرەکییە، کە کاریگەریی لەسەر ڕۆڵی پرۆدیوسەران لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵدا هەیە.
5- پرۆدیوسەر لە چوارچێوەی سیاسەتی دەزگاکەی بڕیار دەدات لەسەر گرنگیی هەواڵێکی دیاریکراو و تەرخانکردنی ماوەیەکی زۆری بووڵتنەکەی تاوەکو سەرنج و بایەخپێدانی بینەر لەسەر هەواڵێک یان بابەتێکی دیاریکراو چڕبکاتەوە.
6- دواکەوتنی میوان یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی پرۆدیوسەران لە نێو بووڵتەنەکەیدا.

دووەم/ راسپاردەکانی توێژینەوەکە

1. دەکرێت کەناڵەکان مەودایەکی فراوانتر لە سەربەخۆیی بدەن بە پرۆدیوسەران لە دەرەوەی چوارچێوەی تەسک و چەقبەستووی سیاسەتی دەزگایی، تا بتوانن بەپێی بایەخە هەواڵییە جیهانییەکان و بەرژەوەندیی گشتی بینەر بڕیار بدەن .
2. کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی هێنانی ستافی بیانی کەناڵە جیهانییەکان، خولی تایبەت بە پەرەپێدانی پرۆدیوسەران بکەنەوە، تاوەکو ئاگاداری دوایین پێشڤەچوونە تەکنیکییەکانی کاری پرۆدیوسەری بن.

سێیەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

1- بەشەکانی میدیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، وانەی تایبەتیان لەبارەی پرۆدیوسەر و بووڵتەنی هەواڵ هەبێت.
2- توێژەرانی بواری میدیا، توێژینەوە بکەن، لەبارەی پێکهاتەی بووڵتەنی هەواڵ، کۆسپ و ئاستەنگییەکانی ئامادەکردنی بووڵتەنی هەواڵ و ڕۆڵی ژیریی دەستکردن لە بەرهەمهێنانی بووڵتەنی هەواڵ.

**سەرچاوەکان**


1. اياد ابوعرقوب. (2012). الاعلام الاذاعى والتلفزيونى. عمان: مكتبه المدينه.
2. بوجفجوف الزهرة. (2016). أولويات النشرات الإخبارية في الفضائيات العامةوالمتخصصة. *رسالة لنيل شهادة دكتوراه العلوم في علوم الإعلام والاتصال*، 186.
3. صابر ,ظاهر حمدأمين .(2023) .ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو .*گۆڤاری زانستی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر*.
4. علي الشعيبي. (2004). دور وسائل الاعلام بين التثقيف والترفيه. الكويت: مكتبة ألفق.
5. فەرمان عەبدولڕەحمان. (2020). ڕۆژنامەگەری تەلەڤزیۆنی. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
6. محمد الفاتح حمدى و عبد القادر عراضة. (2013). انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية. عمان: دار اسامة للنشر والتوزيع.
7. محمد شطاح. (2007). الاعلام التلفزيوني، نشرات الاخبار المحتوى و الجمهور. دار الكتاب الحديث.
8. Bell, A. (1991). *The language of news media.* Published online by Cambridge University Press: 19 February 2009.
9. Bill Kovach & Tom Rosenstiel. (2021). *The Elements of Journalism: What Newspeople Should Know and the Public Should Expect, Completely Updated and Revised.* Three Rivers Press.
10. Brewer, D. (2025, 7 5). *media helping media*. Retrieved from https://mediahelpingmedia.org/management/the-role-of-the-news-producer/
11. Bruce D. Itule & Douglas Anderson. (2007). *News Writing and Reporting for Today's Media.* Boston : McGraw-Hill.
12. Cecilia Friend, Jane Singer. (2007). *Online Journalism Ethics.* New York: Routledge.
13. Cottle, S. (2003). *Media Organization and Production.* Cardiff University, UK: SAGE Publications Ltd.
14. MILLERSON & OWENS, G. ,. (2009). *TELEVISON PRODUCTION.* NEW YORK: Focal Press is an imprint of elsevier.
15. Ruge, J. G. (1965). *The Structure of Foreign News.* oslo: Sage Publications, Ltd.
16. S. Elizabeth Bird, Robert W. Dardenne. (2009). *Rethinking News and Myth as Storytelling.* new york: Routledge.
17. Schudson, M. (2001). The objectivity norm in American journalism*. *Journalism*.
18. Silverman, C. (2006). *How Media Mistakes Pollute the Press and Imperil Free Speech.* New York: Union Square Press.
19. T. Harcup & Deirdre O'Neill. (2016). What is news? News values revisited (again). *Journalism Studies*.

چاوپێکەوتن


1. بەشار عەزیز. (1 30, 2025). پرۆدیوسەر لە Kurdistan24
2. حەسەن, ج. (2025, 2 3). پرۆدیوسەر لە NRT.
3. زانا بەهرام. (8 2, 2025). پرۆدیوسەر لە تۆڕی میدیایی رووداو.
4. ناسر, س. (2025, 4 13). پرۆدیوسەر لە KNN.
5. ئاوات مەحموود. (2 2, 2025). پرۆدیوسەر لە zoom news.
6. ئەزهەر دارتاش. (20 12, 2024). دەرهێنەری هەواڵ لە ئاڤا میدیا.
7. ئەکرەم فەرەج. (8 2, 2025). پرۆدیوسەر لە کەناڵ8.